# لە بواری شارەوانی و گەشتوگوزاردا

## له بواری شارەوانی و گەشتوگوزاردا

له ساڵی ۲۰۰۱دا بەپێی بەرنامەیەكی ڕێكوپێك گەلێك پرۆژەی جۆراوجۆر له شار و شارۆچكه و كۆمەڵگەكان له بوارەكانی خزمەتگوزاری و كردنەوه و چاككردنەوەی شەقام و ئاوەڕۆ و دروستكردنی پارك و باخچە و دابینكردنی ئاوی خواردنەوه و دروستكردنی نەخشەی بنچینەییدا ئەنجام دراون. له بواری گەشتوگوزاریشدا، چ لەسەر بودجەی حكومەتی هەرێم و چ له ڕێگەی كەرتی تایبەتییەوه، پرۆژه و چالاكی هەمەجۆر ئەنجام دراون. بەگشتی كەرتی شارەوانی و گەشتوگوزار له ساڵی ۲۰۰۱دا وەرچەرخانێكی گرینگی كردووه و كار و چالاكییەكانیش له ڕووی داڕشتنی بەرنامه و جێبەجێ كردنی پرۆژەكانەوه گۆڕانكاری و پێشكەوتنی بەرچاویان بەخۆیانەوه بینیوه.

هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەندامانی ئەنجوومەنەكانی شارەوانی له هەردوو پارێزگەی هەولێر و دهۆك و كردنەوەی چەندین شارەوانیی تازه له كۆمەڵگه و قەزا و ناحیه و گوندەكاندا، شان بەشانی بەردەوامبوونی پرۆژەی پەرەپێدانی هەولێری پایەتەختی هەرێم و شار و شارۆچكەكانی كوردستان و دروستكردنی چەندین پاركی تازه و نوێكردنەوەی هاوینەهەوارەكان و كردنەوەی گەلێك شەقامی نوێ و كەناڵی ئاوەڕۆ و ئەنجامدانی گەلێك پرۆژەی ئاوی خواردنەوه و دروستكردنی نەخشەی بنەڕەتی بۆ شار و قەزا و ناحیه و كۆمەڵگەكان و چەندین پرۆژەی تری خزمەتگوزاریی هەمەجۆر، ئەمانه هەموویان تەكانێكی گەورەیان بەم بواره گرینگه داوه و بوونەته مایەی بەرەوپێش بردن و گەشەپێدانی سیمای شارستانی له شارەكانی كوردستاندا.

### ئەمەی خوارەوەش پوختەی گرینگترین كار و چالاكییەكانه له ماوەی ساڵی ۲۰۰۱دا:

**یەكەم- هەڵبژاردنی شارەوانییەكان:**

١- له ماوەی ئەم ساڵەدا حكوومەتی هەرێمی كوردستان بۆ یەكەمین جار له سەرتاسەری هەردوو پارێزگەی هەولێر و دهۆك پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەندامانی ئەنجوومەنەكانی شارەوانیی ئەنجام دا. هەڵبژاردنەكه بەشێوەیەكی دیموكراتی و شارستانی بەڕێوه چوو و نوێنەرانی سەرجەم حزب و لایەنه سیاسییەكانی كوردستان بەشدارییان تیادا كرد و هاووڵاتیانی كوردستانیش بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیان له ئەنجوومەنەكانی شارەوانیدا بەئازادییەوه ڕوویان له سندوقەكانی دەنگدان كرد. جگه لەوەش چاودێرانی ناوخۆ و بیانی چاودێریی چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی پرۆسەكەیان دەكرد و ستایشی پاكی و ڕێكوپێكیی هەڵبژاردنەكەیان كرد و بەڕاشكاوی ئەم ڕایەی خۆیان بڵاوكردەوه.

لەو هەڵبژاردنەدا ٥٤٥ كەس به سەرۆك یا ئەندامی ئەنجوومەنەكانی ٨٥ شارەوانی كۆن و نوێی هەردوو پارێزگەی هەولێر و دهۆك هەڵبژێردران.

بێگومان ئەو هەڵبژاردنه سەرەڕای ئەوەی كه پرۆسەیەكی دیموكراتی و پیادەكردنی مافێكی ڕەوای هاووڵاتیانی كوردستان بوو بۆ هەڵبژاردنی ئازادانەی نوێنەرانی شایانی خۆیان له ئەنجوومەنەكانی شارەوانیدا، له هەمان كاتیشدا فاكتەرێكی گرینگ بوو بۆ گوڕ و تین بەخشین به كار و چالاكیی شارەوانییەكان و پێشكێشكردنی خزمەتگوزاریی زیاتر به هاووڵاتیانی كوردستان لەم بواره گرینگەدا.

٢- كردنەوەی چەندین شارەوانیی تازە لەو شوێنانەی کە پێشتر شارەوانییان تیادا نەبووە. بەم جۆرە ٢٤ شارەوانی تازە لە پارێزگەی هەولێر و ١٩ شارەوانیی تازە لە پارێزگەی دهۆک، لە چەندین کۆمەڵگە و ناحیە و ئەو گوندە گەورانەدا کرانەوە کە ژمارەی دانیشتوانیان لە ٣,٠٠٠ کەس زیاتر بوو.

لیستی ناوی شارەوانییە کۆن و تازەکانی هەردوو پارێزگە لە خشتەکانی ژمارە ١ و ٢ و ٣ و ٤دا دیاری کراوە.

**دووەم- پەرەپێدانی پایەتەخت:**

پرۆسەی پەرەپێدانی هەولێری پایەتەخت و سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان درێژەی هەیە و تا کۆتاییی ساڵی ٢٠٠١، زیاتر لە ١٣٣ پرۆژەی جۆراوجۆر لە شاری هەولێردا ئەنجام دراون کە ٢٩,٣٢٣,٢٥٢ دیناریان تێ چووە.

هەروەها ٢٧ پرۆژەی تر کە بەگشتی ٣٤,٣٥٩,٨٥٨ دیناریان تێ دەچێت لە ژێر جێبەجێ کردندان و، لە بەرنامەشدایە کە ٦٠ پرۆژەی تر بە ١٢,٧٣١,٠٢٩ دینار لە داهاتوودا جێبەجێ بکرێن.

واتە کۆی گشتی تێچووی سەرجەم پرۆژەکان ٧٦,٤١٤,١٣٩ دینارە و گەلێک بواری جیا جیای گرتووتەوە وەک: کردنەوە و چاککردنەوەی شەقامەکانی ناو شار و قیرتاوکردنیان، چاککردنەوەی شۆستەکان و شتایگەرکردنی رێگەکانی هاتوچۆی هاووڵاتیان، چاندنی نەمام و دار و درەخت لە هەردوو بەری شەقامەکاندا، بووژاندنەوە و پەرەپێدانی باخچەکان و کۆسپەی ناوەندی شەقامەکان.

**سێیەم- دابەشکردنی زەوی:**

لە ماوەی ٢٠٠١دا ٣,٥٣٢ پارچە زەوی بەسەر بنەماڵەی شەهیدان و پێشمەرگە و هاووڵاتیاندا بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش کراوە:

- پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول و گوڵان و کەم ئەندامان: ٣,١٣٦ پارچە زەوی.
- بنەماڵەی شەهیدان: ٢٧٠ پارچە زەوی
- هاووڵاتیان: ١٥٦ پارچە زەوی
- هەڤاڵانی بارزانی نەمر: ٧٠ پارچە زەوی

**چوارەم- گەشتوگوزار:**

لە ماوەی ساڵی ٢٠٠١دا گەلێک پرۆژەی جۆراوجۆر بۆ پەرەپێدانی بواری گەشتوگوزار لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان ئەنجام دراوە کە بەگشتی ٢,٤٧٤,٤٢٥ دیناریان تێ چووە، وەک: نوێکردنەوەی هاوینەهەواری جوندیان، دانانی بەردی بناخەی پرۆژەی خانزاد و شێرەسوار، دروستکردن یا چاککردنەوەی گازینۆ و بینایە و کەلوپەلی جۆراوجۆر کە بەوردی لە خشتەی ژمارە (٥)دا ڕوون کراوەتەوە.

جگە لەمانەش چەندین پرۆژەی گرینگ لەلایەن کەرتی تایبەتەوە ئەنجام دەدرێن کە ژمارەیەکیان دەستیان پێ کراوە و لەژێر جێبەجێ کردندان وەک:

**أ- پرۆژەی دروستکردنی ئوتێل و کافتیریا و شوێنی گەشتیاری لە خانزاد:**

ئەو پرۆژەیە لە سێ بەش پێک دێت:

١- میوانخانە، کە بریتییە لە حەوت نهۆم، بەگشت ئەو پێداویستییانەوە کە تایبەتن بە میوانحانەی پێنج ئەستێرە لە مەلەوانگە و چێشتخانە و هۆڵی وەرزشی و گەرماوی سۆنا و هۆڵی کۆبوونەوەکان و سویت و شتی تر.

٢- چێشتخانەی تایبەت بە بۆنەکان: کە جێگای نێزیکەی (٥٠٠) کەسی تیادا دەبێتەوە و، دەتوانرێ ئاهەنگ و کۆڕیشی تیادا بگێڕدرێ.

٣- کافتریا و مەلەوانگە و مرافق عامە.

هەروەها پرۆژەکە چاندنی ناوچەی خانزاد بە دار و درەخت دەگرێتەوە، لەگەڵ دروستکردنی دەریاچەیەکی دەستکرد. ئێستە ئاو گەیەنراوەتە ئەم شوێنە.

بودجەی پرۆژەکە (٧) ملیۆن دۆلارە و کەرتی تایبەتی جێبەجێی دەکات.

**ب- نۆژەنکردنەوەی هۆتێلی شیراتۆن لە پارێزگەی هەولێر:**

ئەم هۆتێلە بەپێی ستانداردی پێنج ئەستێرەی جیهانی نۆژەن دەکرێتەوە و، دوای نۆژەنکردنەوە دەبێتە یەکێک لە باشترین هۆتێلەکانی هەرێم. هۆتێلی شیراتۆن لە ١١ نهۆم پێک دێت و ١٦٧ ژووری نوستن و ٣١ سویتی تێدا دەبێت.

هەروەها ٢ چێشتخانەش کە شوێنی ٥٠٠ کەسیان تیادا دەبێتەوە لە پرۆژەکەدا هەیە. جگە لەمانەش دوو مەلەوانگەی داخراو و گەرماو و سۆنا و ڕێستۆرانێکی هاوینە و باخچە و هۆڵی ئاهەنگ و هۆڵی سینەما و شانۆی تیادا دەبێت، لەگەڵ پاشکۆیەکی سەنتەری بازرگانی بۆ جۆرەها کاروباری بازرگانی. بودجەی پرۆژەکە (٦) ملیۆن دۆلارە و کەرتی تایبەتی ئەنجامی دەدات.

**پێنجەم- پارک و ناوچەی سەوز:**

لە بواری پەرەپێدان و دروستکردنی پارک و ناوچەی سەوز لە پارێزگەی هەولێر و دهۆک دا زۆر کاری گرنگ ئەنجام دراوە. جگە لە هەڵمەتی بەردەوامی چاندنی دار و درەخت لە شەقامەکانی ناو شار و دەوروبەری شارەکان و لە شوێنەکانی گەشتوگوزاردا، پرۆژەی دروستکردنی چەندین پارکی گەورە لە هەولێر و دهۆک و زاخۆ و شوێنەکانی تردا ئەنجام دراوە یا لە ژێر جێبەجێ کردندایە. جگە لەمانەش لەناو زۆر لە گەڕەکەکانی شارەکاندا باخچەی بچووک بۆ دانیشتوانی گەڕەک دروستکراوە.

پارکی هەولێر یەکێکە لە گرینگترین پرۆژەکان لەم بوارەدا کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بایەخێکی تایبەتی پێداوە، بە تایبەتیش کە شاری هەولێر گەورەترین شاری هەرێمی کوردستانە و خەڵکەکەی پێویستیان بە شوێنێک هەیە کە بۆ گەشتوگوزار و بەسەربردنی کاتی بێکاری ڕووی تێبکەن. ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی شارستانی کەم وێنەیە و لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە. ڕووبەری پرۆژەکە بە گشتی ٢٠٠٠ دۆنمە و تا ئێستە قۆناغی یەکەم (A) ئەنجام دراوە کە ڕووبەرەکەی ٣٥٠ دۆنمە و، قۆناغی یەکەم (B) کە ڕووبەرەکەی ٤٥٠ دۆنمە لەژێر جێبەجێ کردندایە.

أ- له خشتەی ژمارە (٦)دا ئەو پرۆژانە دیاریکراون کە تا ئێستە لە قۆناغی یەکەم (A) لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم ئەنجام دراون و بە گشتی ٢٨،٦٠٣،٩٥٥ دیناریان تێچووە، وەک:

- دروستکردنی دەریاچەیەکی دەستکرد کە ڕووبەرەکەی ٣٠،٠٠٠ مەتری چوارگۆشەیە ٧،٨٨٨،٠٠٠ دینار.
- دروستکردنی خواردنگەی گەشتیاری: ١،٨٨٩،٥٥٨ دینار.
- دروستکردنی ١٠ کوشک و ٣ شوێنی دەست شۆرین: ٩٢٢،٧٦٥ دینار.
- دروستکردنی دوو شانۆی کراوە و ئاوپژێنێک: ٥٧٠،١٠٥ دینار.
- دروستکردنی بینایەی کارگێڕی پارک: ٢،٧٢١،٦١٥ دینار.
- لێدانی دوو بیری ئیرتیوازی و خاوێنکردنەوەی ٤ بیری تر: ٢١٨،٠٠٠ دینار.
- ڕاکێشانی تۆڕی ئاو و دروستکردن و قیرتاوکردنی شەقامەکان و دروستکردنی شۆستە و شتایگەرکردنی ڕێڕەوەکان و هێنانی ٤٥،٠٠٠م٣ لیمی بێژینگ کراو و تەواوکردنی شوورەی پارک و چەندین ئیشوکاری تر.

ب- ئەو پرۆژانەی خوارەوەش لە قۆناغی یەکەم (A) لە ژێر جێبەجێ کردندان کە بەگشتی ٥٦،٠٠٠ دۆلار و ١،٧١٠،٠٠٠ دیناریان تێ دەچێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

- دروستکردنی ئاوپژێنێک لەناو گۆلەکە: ٤٦،٠٠٠ دۆلار.
- کڕینی دوو ئامێری بڕینەوەی فریز: ١٠،٠٠٠ دۆلار.
- ڕێکخستنی پێش دەرگای پارکی هەولێر: ١،٤٠٠،٠٠٠ دینار.
- دروستکردنی دەروازەی پارکی هەولێر: ٦٠،٠٠٠ دینار.
- دروستکردنی ٣ ژووری مۆلیدەی کارەبا: ٢٥٠،٠٠٠ دینار.

ج- لە خشتەی ژمارە (٧)دا ئەو پرۆژانە دیاری کراون کە نەخشەیان بۆ کێشراوە و بڕیارە لە قۆناغی یەکەم Bدا جێبەجێ بکرێن. ئەمەش زۆر پرۆژەی گرینگ دەگرێتەوە وەک: دروستکردنی تاوەرێک کە بەرزییەکەی ٤٠ مەترە، دروستکردنی چەند مەلەوانگەیەک، دروستکردنی مەڵبەندێکی یاری کۆمپیوتەر بۆ منداڵان، دروستکردنی چەند گۆڕەپانێکی تێنس و بالە و چەندین کار و پرۆژەی جۆراوجۆری تر.

د- سەبارەت بە قۆناغی دووەمیش ئەو پرۆژانەی خوارەوە کە ٢٦٥،٠٠٠ دۆلاریان تێ دەچێت، پارەیان بۆ تەرخان کراوە و لە داهاتوویەکی نێزیکدا دەست دەکرێ بە جێبەجێ کردنیان. پرۆژەکانیش ئەمانەن:

دروستکردنی ٥٧٠٠م پەرژینی BRC، دروستکردنی نەمامگەیەک بە ٤٠ هەزار دۆلار، لێدانی دوو بیری ئیرتیوازی و دابینکردنی ٦ ترومپای ئاو، دروستکردنی دوو ژووری بیر ئاو، دروستکردنی باخچەیەک تایبەت بە دار و درەختی جۆراوجۆر، دابین کردنی ٢٠،٠٠٠ داری دارستان، دروستکردنی چوار دەروازە.

**شەشەم- چالاکی جۆراوجۆر:**

١- لە پێناوی ڕێکخستن و ڕێکوپێک کردنی هاتوچۆی ئۆتۆمۆبێل و هاووڵاتیان لەسەر شەقام و شۆستەکانی

پایەتەختی هەرێمدا چەندین نیشانە و هێمای جۆراوجۆری هاتوچۆ دانراوە کە بە گشتی زیاتر لە ٢ ملیۆن دیناریان تێ چووە.

٢- ژمارەلێدانی سەرجەم شەقام و گەڕەک و کۆڵان و ماڵەکان لە پارێزگەی هەولێردا، کە تێچووی ئەم هەنگاوە ٩٥,٠٠٠ دۆلار بوو.

٣- دەستکردن بە دروستکردنی بەرزە پرد لە شاری هەولێر کە ١,٣٢٦,٩٢٥ دۆلاری تێ دەچێت و دەبێتە مایەی ئاسانکردن و ڕێکخستنی هاتوچۆی ئۆتۆمۆبێلەکان و کەمکردنەوەی قەرەباڵغی لە چوارڕیانەکاندا.

٤- لە بواری دروستکردنی نەخشەی بنەڕەتی بۆ شار و قەزا و ناحیە و کۆمەڵگەکان لە هەردوو پارێزگەی هەولێر و دهۆک زۆر کاری گرینگ ئەنجام دراوە وەک:

- دانانی نەخشەی بنەڕەتیی شار و شارۆچکەکان لە پارێزگەی هەولێر و دهۆک.
- ڕووپێوی ناو مەڵبەندی شاری هەولێر و دهۆک و شارۆچکەکان.
- بەستنی گرێبەست بۆ ئەنجامدانی ژمارەلێدانی شاری هەولێر.
- بەستنی گرێبەست بۆ نەخشەسازی لەگەڵ کۆلیجی ئەندازیاری.
- دانانی نەخشەی کەرتی و جیاکردنەوەی زەوی لە ناو مەڵبەندی شاری هەولێر و دهۆک و هەندێک لە شار و شارۆچکەکان.
- بەستنی گرێبەست بۆ ڕووپێوکردن لە پارێزگەی دهۆک.

**حەفتەم- تێچووی کار و چالاکییەکان:**

**١- لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم:**

ساڵی ٢٠٠١، جگە لە پرۆژەکانی پارکی هەولێر، لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەردوو پارێزگەی هەولێر و دهۆک بە کۆی گشتی ١٠٦,٣١٠,٧٧٨ دینار گەلێک پرۆژەی جۆراوجۆر ئەنجام دراون یان لە ژێر جێبەجێ کردندان، وەک لە خوارەوەدا ڕوون کراونەتەوە:

أ- ئەو پرۆژانەی کە جێبەجێ کراون لە پارێزگەی هەولێر:

- ئەنجامدانی ٥٠ پرۆژەی ئاوەڕۆ: ٢,٤٨٨,٦٠٠ دینار.
- قیرتاوکردنی ٤٧٥,٣٢٦ م٢ شەقامی جۆراوجۆر: ١٥,٠٧١,٣٥٤ دینار.
- ئەنجامدانی ١١٣ پرۆژەی ئاوی خواردنەوە ٥,٣٦٦,٠٠٧ دینار.
- چاککردنەوەی باڵەخانە و کڕینی کەلوپەلی جۆراوجۆر: ١٢,٧٤٤,٠٤٧ دینار.

ب- ئەو پرۆژانەی کە جێبەجێ کراون لە پارێزگەی دهۆک:

- ٣٧ پرۆژەی ئاو و ئاوەڕۆ: ٥٧٠,٢٢٥ دینار.
- کڕینی کەلوپەل و پرۆژەی جۆراوجۆر: ١,٩٥٨,٤٣٥ دینار.

ج- ٣٤ پرۆژە لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم لە پارێزگەی هەولێر لە ژێر جێبەجێ کردندان کە بەگشتی ٥٤,٤٥٩,١٤٦ دیناریان تێ دەچێت.

د- ٦ پرۆژە لە پارێزگەی دهۆک لە ژێر جێبەجێ کردندان کە تێچووی هەر ٦ پرۆژەکە: **١٣,٦٥٢,٩٦٤** دینارە.

ئەمەش لە خشتەکانی ژمارە ٨ و ٩ دا ڕوون کراونەتەوە.

**٢- لەسەر بودجەی بەرنامەی ٩٨٦:**

هەر لە ساڵی ٢٠٠١دا لەسەر بودجەی بەرنامەی ٩٨٦ چەندین کار و چالاکیی هەمەجۆر ئەنجام دراون یا لە ژێر جێبەجێ کردندان کە بە گشتی ٢٠,١٤٠,١٤٢ دۆلاریان تێ دەچێت، وەک لە خوارەوەدا ڕوون کراونەتەوە:

أ- ئەو پرۆژانەی کە لە پارێزگەی هەولێردا ئەنجام دراون: **٩,٢٠٦,٨٩٠** دۆلار.

ب- ئەو پرۆژانەی کە لە پارێزگەی دهۆک ئەنجام دراون: **٨,٦٨٨,٢٠٠** دۆلار.

جـ- ئەو پرۆژانەی کە لە ژێر جێبەجێ کردندان لە پارێزگەی هەولێر: **٧٧١,٤٢٩** دۆلار.

د- ئەو پرۆژانەی کە لە ژێر جێبەجێ کردندان لە پارێزگەی دهۆک: **١,٤٧٣,٦٢٣** دۆلار.

ئەمانەش بە وردی لە خشتەکانی ژمارە (١٠ و ١١ و ١٢ و ١٣)دا ڕوون کراونەتەوە.